پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بۆ پاڕانەوە بۆئەوەی خوای گەورە باران ببارێنێت، ڕووی لە قیبلە کرد ونزای کرد، وجلەکەی پێچەوانە کردەوە، وپاشان دوو ڕکات نوێژی کرد، وبە دەنگی ئاشکرا قورئانی خوێند

لە عبداللەی کوڕی زەید کوڕی عاسیمی مازنیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بۆ پاڕانەوە بۆئەوەی خوای گەورە باران ببارێنێت، ڕووی لە قیبلە کرد ونزای کرد، وجلەکەی پێچەوانە کردەوە، وپاشان دوو ڕکات نوێژی کرد، وبە دەنگی ئاشکرا قورئانی خوێند»، ولە گێڕانەوەیەکدا: «دەرچوو بەرەو (موسەڵا)*». *(شوێنێکە -خاکێکی فراوانە- مسوڵمانان نوێژی جەژن ونوێژە بارانەی تێدا ئەنجامدەدەن لە دەرەوەی مزگەوتەکان)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خوای گەورە بەندەکانی تاقیدەکاتەوە بە ناخۆشیەکان؛ بۆئەوەی نزا بکەن ولێی بپارێنەوە ویادی بکەن، کاتێک زەوی وشک بوو لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، خەڵکی دەرچوون بەرەو موسەڵا* کە لە شوێنێکی چۆڵدایە لە دەرەوەی مەدینە، بۆئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژ بکات ویادی خودا بکات ولە پەروەردگار بپاڕێتەوە بۆئەوەی باران ببارێنێت، وئەمیش نزیکترە لە حاڵەتی دەرپەرینی هەژاری وپێویستی بەرامبەر خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕووی لە قیبلە کرد بۆئەوەی نزا بکات وئەم ناخۆشیە لەسەر مسوڵمانان نەمێنێت. وەکو هیوایەک بەوەی کە ئەم ناڕەحەتیە لابچێت وباران ببارێت و وشکەساڵی نەمێنێت؛ جلەکەی پێچەوانە کردەوە، وپاشان دوو ڕکات نوێژی (نوێژە بارانەی : صلاة الإستسقاء)ی بۆیان ئەنجامدا وبە ئاشکرا قورئانی خوێند وپاڕایەوە لە خوای گەورە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5274